## پەیامی خەڵک

*پاسەکانی خەتی ڕاپەڕین - ناو بازاڕ لە دوای کاتژمێر 4 ئێوارەوە بۆ یەک نەفەر 500 دینار و وەر دەگرن و ڕۆژانی جەژن و مناسەباتی گشتی ئەوە دەیکەن بە 1000 دینار. شیاوی باسە ئەم کارەی خاوەن پاسەکان بۆتە هۆی نیگەرانی خەڵک.

**ڕێبین**

*پردەکەی نێوان چواقوڕنەو ناحیەی سەروچاوە بۆ ماوەی 2 مانگە داڕماوەو تا ئێستاکەش چاک نەکراوەتەوە ئەمەش کێشەیەکی زۆری بۆ خەڵکی گوندەکان دروست کردووە. شیاوی باسە خەڵکی گوندەکان چەندین جار داوایان لەشارەوانی کردووە، بەڵام تا ئێستاکە وەڵامی داواکەیان نەدراوەتەوە.

**شاخەوان عومەر**

* لەو ڕۆژانە بەرپرسێک کۆبوونەوەی بە فەرماندەییەکان کردبوو دوای قسەکردنی بۆیان وتبووی کێ قسەی هەیە با بیکات.. ئەفسەرێکیش وتبووی وەڵاهی خەڵک بە دەست ئاو و بێکارەبایی و گرانی سووتەمەنی زۆر هەرەسان و دڵتەنگ و بێزارن، بەڵام بەرپرسەکەش خۆی لێ تووڕە کردبوو و وتبووی دانیشە ئەوە کەی کێشەیە تۆ باسی دەکەی..

**کاوان**

* پاش چاککردنەوەی پردی قلیاسان لەگەڵ یەکەم باران بارێندا ڕوخایەوە. شیاوی باسە پردی قلیاسان تەنها بەگڵ پینە کرابوو

**ئامانج سدیق**

# وڵاتیان لە پێوەندی بەشە خۆراکی مانگانە گلەیی دەکەن

**شاناز**



عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە، کانی نەوت و سەرچاوەی کشتوکاڵی هەیە، بەڵام لەئاکامی ئەو شەڕو شۆڕانەی کە دەستەڵاتدارانی بەغداد بۆ گەلەکەیان بەدیارییان هێناوە، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس بەهۆی پەلاماردانی وڵاتانی دراوسێ و تەماع بازی خۆیانەوە عێراقیان بەرەو ریزی وڵاتانی هەژارەکانەوە بردووە.

لەسایەی ئەو دەستەڵاتدارانەوە هەموو سامانی عێراق بۆ دانەوەی قەرزەکان تەرخان دەکرا، خەڵک لەمافە ڕەواکانی خۆیان بێ بەش ببوون . لە ساڵی 1996 بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک پیادەکرا، ئەمەش ئومێدێکی گەورەی بە گەلانی عێراق بەخشی، وڵاتیان بوژانەوە.

بەرنامەی نەوت بەخۆراک خەڵکی لەهەژاری و کەمدەرامەتی و برسییەتی ڕزگار کرد. لەکاتی دەست پێکردنی بەرنامەکەو دابەشکردنی خۆراک، وڵاتیان ئاهێکی گەرم بەدەروونیاندا هات. بەپێی بەرنامەو کۆبۆن و لەکاتی خۆیدا خۆراک بەسەر خەڵک دابەش دەکرا، بەڵام پاش ئازادکردنی عێراق، ئێستا ماوەی دوو ساڵە ئەو بڕە خۆراکە وەکو پێشوو دابەش ناکرێ. کەموکووڕتی لە دابەشکردنی خۆراکدا هەیە. ئەگەرچی پارەی بەرنامەی خۆراک کەمنەکراوەتەوە، بەڵام ئێستا کەموکوورتیەکان ئاشکران و بەدی دەکرێن. بۆ ئەم بەمەبەستە بە پێویستمان زانی ڕای خەڵک لەو بارەوە وەربگرین، بەوهۆیەوە پرسیارمان لە چەند بەڕێزێک کرد:

**کاڵێ عومەر سەعید، وڵاتی:** ئەو خۆراکەی کە وەری دەگرین هەر جارەو شتێکمان بۆ دێنن، بە پچڕ پچڕ دەماندەنێ جارێ برنج ،جارێ تۆچا، جارێکی دیکە نیسک و نۆک، یاخوود بەچەند مانگێک سابوون و تایتمان دەدەنێ، بەو شێوەیە شتەکان جیا بە جیادێت. هەروەها ئەو بڕە خۆراکەی کە لە مانگێکدا دابەش دەکرێ زۆر کەمە، پێویستە بۆمان زیاد بکرێ.

**مستەفا عەلی ئەحمەد،وڵاتی:** ئەو بڕە خۆراکەی وەری دەگرین کەمترە لەچاو پێداویستییەکانی ژیان، جگەلەوە زۆرجار جۆری خۆراکەکە باش نییە وەک برنج و تۆچاو ئارد، هەر جارەی جۆرێکە، یاخود هەر مانگەو شتێک نەهاتووە، بەچەند مانگێک لەوە دواتر دێنن. ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟. یان بەیەکجار خۆراکەکەمان نادەنێ، ئەمەش ناکرێ هەر ڕۆژەو بۆ بەشێکی تری خۆراکەکەمان بچین بۆ لای وەکیلەکان.

پاشان بەمەبەستی ڕاوبۆچوونی وەکیلی خۆراکەکان بەرامبەر بە چۆنیەتی هاتنی بڕە خۆراک و وەرگرتن و دابەش کردنی خۆراک بەسەر هاوڵاتیاندا پرسیارمان لەم وەکیلە بەڕێزانە کرد.

**حاجی محەمەد ئەمین، بریکار:** کاتێ ئەو بڕە خۆراکە دەگاتە شاری سلێمانی، ئێمەش لەلایەن کۆمپانیای بازرگانی خۆراکەوە ئاگادار دەکرێینەوە. بە پێی کۆبۆن و ژمارەی خێزان و نەفەرەکان بۆمان دیاری دەکرێ. لەمەخزەنی خۆراکەوە بە ئۆتۆمۆبیل بۆ شوێنی دیاری کراوی خۆمان (وەکیل بایەعەکان) بۆمان دێنن، بەوشێوەیە هەر چیمان بۆ بێنن، باش یان خراپ، دەسەڵاتی ئێمە نییە، بەڵام هەندێ جار وڵاتیی لەجۆری خۆراکەکە ناڕازین، دەڵێن باش نییە، بەتایبەتی برنج و تۆچا. ئەرکی ئێمە تەنیا دابەش کردنی خۆراکەوبەس، ئێمە لە خراپی و باشی خۆراک بەرپرسیار نین ودەستەڵاتی ئێمەی تێدانییە .

**جەمیل عومەر عەلی، بریکار:** هەرکاتێ لە بەغدادەوە خۆراک بۆ سلێمانی نێردرا، لەلایەن کۆمپانیای بازرگانی خۆراکەوە بریکارەکانی خۆراک ئاگادار دەکرێنەوە. هەروەها بەپێی کۆبۆن و ژمارەی خێزان خۆراک بە بایەعەکان دەدەن، پاشانیش ئێمە بە هەمان شێوەو بەپێی کۆبۆن و ژمارەی ئەندامانی خێزان خۆراکیان بەسەر دابەش دەکەی. چی بگاتە دەستی ئێمە، دابەشی دەکەین. بە دڵنیاییەوە بەپێی کۆبۆن دابەشیان دەکەین و کەمەترخەمی ناکەین. ئەرکی ئێمە تەنها دابەش کردنی خۆراکەکەیە.

پاشان بە پێویستمان زانی لەنزیکەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز ( **وریا خدر محمد ئەمین** ) بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای بازرگانی خۆراک لە سلێمانی بکەین، سەبارەت بە دابەشکردنی خۆراک ڕاوبۆچوونی بزانین، بۆیە پرسیمان:

ئەو پارەیەی بۆ خۆراک تەرخان کراوە، کەمنەکراوەتەوە، بەڵام بۆچی وەکو جاران دابەش ناکرێ؟!، کەموکوورتی لەهاتنی خۆراکەکاندا هەیە؟ بەرنامەی داهاتووتان بۆ دابەش کردنی خۆراک چییە؟

بەڕێزیشی بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:

وەزارەتی بازرگانی بەغداد لە ناردنی خۆراک بەرپرسە ،هەرکەموکووڕییەکی هەبێت لەلای ئەوانەوەیە، هیچ تاوانی ئێمەی تێدانییە. لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی بازرگانی بەغداد خۆی خۆراک بەسەر پارێزگاکان دابەش دەکات، بە پێی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکان، بەڵام ئاگادارین وەزارەتی بەغداد وەک پێویست نەیتووانیوە ئەو بڕە خۆراکە دابەش بکات، بەتایبەتی لە ساڵی 2005 دا، لەبەر باری ئەمنی عێراق سەقام گیر نەبوو، نەیانتووانی مەوادەکان بگەیننە شارەکان. هەروەها خۆراکێکی گەیشتۆتە بەغداد ، بەڵام لەبەر نائارامی بارودۆخی عێراق ناتوانرێت بگەیەنرێنە هەموو پارێزگاکان. بەڵگەشم بۆ قسەکانم 13-8-2005 وەزارەتی بازرگانی بەغداد، بڕیاریدا بەپارە قەرەبووی وڵاتییان بکاتەوە، بەرامبەر ئەو بڕە خۆراکەی دابەش نەکراوە. پارێزگاکانی کوردستان زۆرترین قەرەبووی خۆراکییان بەرکەوت، لەبەرئەوەی خۆراک کەمتر بۆ کوردستان هاتبوو. ئەمەش بۆ وەزعی ئەمنی بەغداد دەگەڕێتەوە، کە نەیانتووانی بوو خۆراک بگەیننە پارێزێزگاکان، بەڵام لە ساڵی 2006 وەزارەتی بازرگانی بەغداد بەرنامەی تازەتری گرتەبەر، بەمەبەستی گەیاندنی خۆراک گرێبەستێکی لەگەڵ بازرگانەکان مۆر کرد، تا خۆراک بە پارێزگاکان بگەیەنن . بەو هۆیەوە لە ساڵی 2006 ڕێژەیەکی باش خۆراک گەیشتە پارێزگاکانی عێراق و کوردستان . چونکە بارودۆخی کوردستان ئارام بوو، زۆرینەی کۆمپانیاکان گرێبەستیان بۆ کوردستان دەکرد. ئێمە بەردەوام هەوڵ دەدەین خۆراک زیاد بکرێت و باشترین جۆری بگاتە دەستمان، بە پێی داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت. دیارە لە ساڵی 2007 خۆراک دابەش کردن بەردەوام دەبێ، بەڵگەشمان کۆبۆنی خۆراکی ساڵی 2007 لەچاپ کردندایە، بە ئومێدی ئەوەی لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەم، بگاتە پارێزگاکان و دابەش بکرێت. لە دوا وتەشمدا بەگشتی زۆر سوپاسی ڕۆژنامەکان دەکەم کە سەردانمان دەکەن، دەخوازن لە نزیکەوە لە چۆنیەتی هێنان و دابەشکردنی خۆراک لەیەک بگەین ،بەڵێن دەدەین کە بەدڵسۆزی ئیش بکەین، بەشە خۆراک بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکەین. دەخوازم کە هاوڵاتیان لەنزیکەوە لەچۆنیەتی دابەش کردنی خۆراک تێبگەن.

# بانگەواز بۆ بەشداری نووسەران لە پرۆژەی ساڵانەی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر ژینۆساید و کۆمەلکوژی کوردان

نووسەران، شارەزایان و لێکۆڵەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە، ناوەندی چاک مەبەستی وایە ساڵانە پەرتووکێک کە کۆمەڵێک بەرهەمی ئەکادیمی و زانستیانە لەخۆبگرێت، لەسەر کۆمەڵکوژی و پاکتاوی کوردان دەربکات.

مەبەست لەم پرۆژەیەدا:

یەکەم: باشتر ناساندنی تاوانەکانی گەلکوژی، پاکتاو و کۆمەڵکوژی کە دژی گەلی کورد ئەنجام دراون، لە ئاستێکی ئەکادیمی و بەرزدا. دووەم: لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوە لە هۆکار و مەبەستی بنچینەیی پشتی ئەو تاوانکاریانە و تێگەیشتنیان. سێیەم: دۆزینەوەی میتۆدی گونجاو بۆ پێشگرتنی تاوانکاری لەو شێوانە لە داهاتوودا. چوارەم: تاوتوێی چارەسەری گونجاو بۆ دۆزی کورد و سەقامگیریی ئاشتی.

بۆئەوەی بتوانین دەنگ و هاواری گەلی ستەمدیدەی کوردستان بە باشترین شێوە بگەیەنینە گەلانی جیهان، پێویستە بابەت و لێکۆڵینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی بنووسرێن.

دەبێ بابەتەکان بابەتیانە و زانستی بن. ئەو بابەتانەی دەگەن، لەلایەن دەستەیەکی پسپۆر سەیریان دەکرێت و پەسند دەکرێن.

ناوی پەرتووکەکە ساڵانە دەگۆڕێت و بەپێی گونجانی لەگەڵ بابەتە هاتووە پەسندکراوەکان دەبێت، یان دەکرێ بەناوی باشترین بابەتی هاتوو بێت.

هیوادارین نووسەران و شارەزایان بەدەنگمانەوە بێن

بۆ پەیوەندیکردن

ئیمایل:

Chak_org@yahoo.com

edi d

تەلەفۆن:

0031152129446

004541577575

**ناوەندی چاک**

2007.01.04




**دواجار دوکانەکانی خوار دادگە رووخێنرا...**

**فۆتۆ : ئارام سدیق**

# بەیاننامەی خوێندکارانی مانگرتووی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی

ئێمە وەکو خویندکارانی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 19-12-2006 یاداشتنامەو داواکاری و هۆکارەکانی داواکارییەکەمان هاوپێچ لەگەڵ ئیمزای سەرجەم خوێندکارانی کۆلیژەکەمان گەیاندووەتە بەردەست هەریەک لە سەرۆک بەشەکانی (ماتماتیک و کۆمپیوتەر- زمانی ئینگلیزی- زانستە کۆمەڵایەتییەکان- پەروەردەی وەرزشی)، وە ڕاگرایەتی کۆلیژو سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، هەروەها لە ڕێکەوتی 21-12-2006 هەمان یاداشتنامە گەیشتووەتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کە تیایدا هاتووە تا ڕێکەوتی 26-12-2006 چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزیان دەبین، بە پێچەوانەوە ناچار دەبین هەڵوێستی تر بگرینە بەر.

1- خوێندکارانی کۆلیژەکەمان لەرووی ئاستی زانستییەوە هەر بەشەو پسپۆڕی خۆی و تەکنیکی وانە گوتنەوەو شێوازی پەروەردەی هاوچەرخ و وانەکانی دەروونزانی تایبەت بە هەرزەکار بەتەواوی ئامادەکراو و سازدراون بۆ بوونە مامۆستای دواناوەندی (مدرس)، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە هەوڵدەدرێت لەسەرەتایی دابمەزرێین کە شتێکی کەمی لەبارەو دەزانین (لە بوارەکانی تەکنیکەکانی وانە گوتنەوەو مامەڵەی دەروونی)، بۆ ڕاستی ئەم قسەیەش دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ پرۆگرام و ماددەی دیراسی گشت قۆناغەکانی بەشەکانی کۆلیژەکان.

ئەمە لە کاتێکدا لە هەموو بەڕێوەبەرایەتییە پەروەردەییەکاندا میلاکی سەرەتایی هەمیشە مامۆستای زۆر و زیاد لە پێویستی هەبوو، هاوکات میلاکی دواناوەندی بەدەست کەمی و نەبوونی مامۆستای (مدرس) پێویست لە بوارە جیا جیاکاندا دەناڵێنێت، ئەمەش واقیعێکە هەموومان لێی ئاگادارین.

2- ئەگەر وا دابنێین هێشتا قوتابخانە سەرەتاییەکان پێویستیان بە مامۆستایە (معلم) ، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو مامۆستای سەرەتایی دادەمەزرێنن، باشە بۆچی هەتا ئێستاش پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان هەر ماوەو تازە بەتازە چەندین پەیمانگەی (وەرزش- ئینگلیزی- کۆمپیتەر) کراوەتەوە کە خوێندکارانی دەرچووی سێیەمی ناوەندی وەردەگرن و پاشان دەبنەوە بە مامۆستای سەرەتایی. هاوکات لەگەڵ ئەمەش دەرچووانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و ئامادەییەکانی (کشتوکاڵ- پێشەسازی- بازرگانی) وەکو مامۆستای سەرەتایی دامەزرێنران، سەرەرای ئەمەش لە سەرەتای ئەمساڵ (2006- 2007 ) چەندین نووسەر (کاتب) ی قوتابخانە سەرەتاییەکان کراونەتە مامۆستای سەرەتایی، ئەوەشمان لەبیر نەچێت پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا هەیە.

3- لەبەر ئەوە بە پێی (بڕوانامەو ئاستی زانستی و ساڵەکانی خوێندن و تەکنیکەکانی وانە گوتنەوەو شارەزایی لە بواری دەروونزانیدا) ناگونجێت و قابیلی قبوڵکردن نییە ئێمەی خوێندکارانی دەرچووی کۆلیژ لە هەمان ئاست و قۆناغ (واتە سەرەتایی) وانە بڵێینەوە بە هەمان ناونیشانی وەزیفی (واتە معلم) .